مامۆستای مەزن، شاسواری کوردۆلۆجی، وەهبی بەگ

بە دوو لێوی ڕێز و سۆز دەستت ماچ دەکەم. لە دڵ و دەروونێکی پڕ لە خۆشەویستیت، تینووی دیدارت، ئومێدەوار بە میهر و شەفەقەتت، کاڵای تێکەڵ پێکەڵی پاک و بێگەردی تەقدیسی پایەت و نازکردن بەسەر گەورەییتدا دەکەم بە شەفاعەتکاری جورئەتی ئەم نامەیەم، ئینجا هەر خۆشت سەرپشکی لە بەخشین و تاوانبارکردنم.

برادەرانی دڵسۆزی جێگەی باوەڕ، هەستی خۆشییان لە دڵمدا وشککرد، بە گێڕانەوەی خەبەرێک «فزعت منه بآمالي الى الكذب» گوتیان وەهبی بەگ دڵشکستە بووە لێت. گوتەکە زۆر کاری تێکردم، هەوەڵ جار لەبەر خۆت، کەوا خەییام گوتەنی «گر بر فلکم دست بودی جون یزدان» فەلەکم وەها دەخستە گەڕ، هەر ڕووناکی و گوڵ ڕاخا لە بەر هەنگاوت، نەکا گەرد لە گۆشەیێکی پێڵاوت بنیشێ... دووەم جار لەبەر خۆم، لەو ڕووەوە دەمێکە دووربەدووری و ناکام لێت، دڵی خۆم بەوە دەدەمەوە، هۆشی ئەوەم پەیداکردووە بە تەنها هێندەی خۆشویستنی تێکڕای ڕۆشنبیرانی کورد بۆت، خۆشم بوێیت و قەدرت بزانم. دەوجا چەند ڕەنجەڕۆ خۆم، بەدوا ئەم هەموو قەدرزانینەمدا دڵت بێشێنم!

وەک قوتابی کە دەست پان دەکاتەوە تا مامۆستاکەی داری سزای لێ بدا، هاتووم گۆشماڵم بدەیت، بەدەم گۆشماڵەوە سکاڵاشم لێ ببیەیت.

ئوستادا، بزورگەوارا، پدەر مەقاما!!

ئەم شاگردە بچووکەت گرفتاری دەردێکی بێدەرمانە. بە هەموو عومرم نەمتوانی خۆم ڕابێنم بە گوتنەوەی بیروباوەڕێک کە بەتەواوی نەچووبێتە دڵمەوە. بگرە لە ئایین تا ئابووری، تا ئەدەب، تا فەلسەفە، تا باسەکانی زمان، تا هەموو ئەو بابەتانەی لە گوتن و نووسیندا دەگوترێنەوە، هیچ کامێکیان وەک «بديهية» نەهاتوونە بەر هەست و هۆشمەوە. بۆ بەدبەختی، بەو کەرەستە کەمەی خوێندەواری و دەسەڵاتە قوت و بێ هێز و پێزەی لێکدانەوەم، هەمیشە خۆم لە عاست بیروباوەڕی حازر و بزردا، ڕەخنەگر و نەسەلمێن دیوە، تا کاتێک لە ڕێی بەڵگەوە بیروباوەڕەکە نیشتۆتە دڵمەوە، لەپێشەوە ئاڵای تەسلیمبوونم هەڵنەگرتووە، داواش دەکەم کەس هەڵی نەگرێ. هەڵبەت کە ئەمە دەڵێم، ئاگام لە خۆمە چەند بڵند دەنۆڕم، بەڵام فارس گوتەنی: «چنین در کالبدم ریختەاند»، ناتوانم لەو مەیدانە بەرفرەوانانەی زانستی مرۆڤدا کەوا هەر ساتە بەرفرەوانتر دەبن و بیروڕای جوداجودا تێیاندا سەرهەڵدەدا، چونکە لە ژووروەوی توانینمەوەیە دژی قەناعەتم شت بڵێم، یا ئەگەر بەدەنگ بێم، دەبێ ڕێی دەربڕینی هەست و زانینی خۆم لەپێش گەشتی خامە و زمان هەموار بکەم، چەندانی وەکوو ئەم گەشتەش وەک «مێروولە» بەگژ « قوللەی قاف»مدا ببا.

ئا لێرەدا هەلێکە و هەڵکەوتووە، شتێک بڵێم پاکانە بۆ تاوانبار بکا، کە خۆمم، سەرەڕای ئەوە کە ناتوانم دژی قەناعەتم شت بڵێم، ئێستاکە لە زەرفێکیشدام ناتوانم تێیدا بێدەنگ بم. فەرمانە بەسەرمەوە کە بڵێم و بنووسم. هاتنم بۆ کۆڕی زانیاری کورد، ئاسوودەییی زۆر زلی بێدەنگبوونی لەکیسدام و ئەرکی بێبڕانەوەی بەدەنگهاتن و تێهەڵچوون و ڕەخنەگرتنی کردە بەرگ و لەبەرمی کرد. چەندین ساڵ بوو بیروباوەڕ و ڕایەکانم لەبارەی هەموو ئەو باسانەوە کە مێشک و دڵمیان دەوروژاند و دەجۆشاند، لە قوژبنی گۆشەگیریم، وەک خۆم، بە نهێنی دەژیان، کەچی لەپڕ چارەنووس پاڵێکی پێوەناین و خستینیە سەر «چاردەڕێیان»ی تێک ئاڵقان و پێکداتێپەڕینی پەیتاپەیتای بیروباوەڕی ڕۆشنبیرانی کورد، کە ئەگەر بتوانم

خۆم لەبەر یەکێکیان لادەم، بە دووان و سێیانیان دەکەومەوە. بێت و بەختم یاربێ و ئەو نووسینەی لەسەر حاجی قادرم نووسیوە، شەرەفیابی کەوتنە بەر نیگات ببێ، بەیەککەوتنەوە و تێکهەڵقژانم لەگەڵ زوربەی بیروباوەڕی ڕۆژانی ئێستامان دەکا بە شایەدی ڕاستی و دروستیی مەعرووزاتم.

کە ئەم بارە جورئەتکارانەی پڕناڕاحەتییەم ڕەوا دیوە بە خۆم، لە هەردوو لانی ئەرک و مافەوە، هەندێ لێکدانەوەی بێتەرەفانە دڵنیای کردووم لە ڕاستیی هەڵوەستەکە و پێویستیی بەردەوامبوونم لەسەری:

یەکەم  لێکدانەوەم پێی گوتم خەڵقی جیهان لە هەموو لایێکەوە دەڵێن و دەنووسن، لەوەدا زۆریش بە هەڵە دەچن و خامۆشیش نابن. وا دیارە ترسی بەهەڵەچوون نابێ پەکی زمان و خامە بخا. خۆ منیش یەکێکم لەم جیهانە «وا تێ مەگە لەم دائیرەیی چەرخە بیروونم». کەواتە لە گوتن و نووسینمدا، نە دەستوورێکی ڕەوشتی جیهانیم بەزاندووە، نە زەرەریشم لە هیچ کەسێک یاخود شتێک داوە؛ کە نیشانم پێکابێ، سوودی بۆ کوردە؛ کە بەهەڵەشدا چووبم، هەر لە خۆمم دالەنگاندووە.

دووەم لێکدانەوەم زاڵی کردم بەسەر ترسی دڵشکانی مامۆستاکانم. ئەم مامۆستایانە کە خۆت لە هەرە پێشەوەیانی و بۆ ئەوانیش  مامۆستایت، چ چاریان نییە لە بەخشینم بەولاوە، کێ توانیویەتی لە گڕوگاڵی منداڵ بڕەنجێ، یاخود لە نازی ساوا بتۆرێ.

لەمەش زیاتر، لێکدانەوەی دڵخۆشکەرەوەم بۆ خۆم کردووە، کە هەر بەجارێ ڕێی تۆران لە هەموو ئینسافکارێک دەبڕێتەوە، بەڵام لە ترسی ئەوە کە نەتوانم بەم خامەیە کولەم هەموو ژەنگی گلەیی لە دڵت بکرێنم و بەخشینت دەردەست بکەم، ئەوەندەم لە قسەکانم کورت کردووە، تا ڕێگەیێک بهێڵمەوە بۆ شەفەقەتی گرانبەهات، کە سووچی نەبەخشین بخاتەوە سەر خۆم.

شاگردی بچووک و دڵسۆزت
مەسعوود محەمەد جەلیزادە
١٩٧٣/٩/٢٧